# دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی

# چۆن کتێب و بابەتەکانی دەنووسێت!؟

## لە ئەزموونەوە

نووسینی: د. طالب عبد الجبار الدغيم

وەرگێڕانی: عبداللە گەرمیانی

www.dangiislam.org

جار نا جارێک لێرەو لەوێ هەندێ پرسیار و ڕەخنە دەورووژێنرێت سەبارەت بە میتۆدی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی لەبارەی نووسینی کتێب و بابەتەکانیەوە، جا لە بابەت ڕاڤەی قورئانەوە بێ یان چیرۆکەکانی قورئان یان مێژووی ئیسلامی. هەندێجار لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبێ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە، تۆمەت ئاراستەی خودی دکتۆر دەکرێت، کە مشتومڕ و هەرای ڕاگەیاندن دروست دەکات و وتی وتی دەخاتە نێو خەڵکانێکەوە، هەندێجار ئەو ڕەخنە و تۆمەتانە دەگاتە ئاستی تانەدان لە سەرڕاستی و دەستپاکیی زانستیی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی، جاری وا هەیە کەسانێک دەپرسن: چۆن دکتۆر عەلی ئەلسەلابی دەتوانێ سەرکەوتووبێ لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە و بابەتە زۆرانە؟ کەسی دیکەش هەیە ئەڵێ: کتێبەکانی لەبابەت مێژووی ئیسلامی، زۆر لێکچووە بەکاری ئەو کەسەی لە شەودا چیلکە و دار کۆدەکاتەوە، بابەتی بەسوود و بێ سوود لەیەک جیاناکاتەوە. کەسانی دیکەش هەن ڕەخنە دەگرن و ئەڵێن: بابەت و کتێبەکانی پێویستییان بە سەلماندنی ورد هەیە، لەبابەت مەودای پابەندبوونی دکتۆر بە دەستپاکیی زانستییەوە دەپرسن. کەسانی تر ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە بە بێ مۆڵەت لە نوسەرانی هاوچەرخ، نووسراوی ئەوان وەردەگرێت!

ئەگەرچی خودی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی چەند جارێک وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە و لە بابەت و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانی و دانیشتنی لەگەڵ هەندێ توێژەر و گرنگیدەردا، سرووشتی کاری خۆی و

گرنگیدانەکانی و میتۆدی خۆی لە توێژینەوە و نووسینەوەی کتێبدا ڕوونکردووەتەوە، بەڵام من بە دادپەروەری و پێویستم زانی ڕا و بۆچوونی خۆم لەبابەت کار و نووسینەکانی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی دەرببڕم، بەتایبەت کە بۆ زیاتر لە شەش ساڵە لەگەڵیدا کار دەکەم، پێداچوونەوەی کارەکانی دەکەم و ئیزافەم خستووەتەسەر هەندێکیان، بۆ زیاتر لە پانزە کتێبی، پێداچوونەوەی وردم کردووە، جا بە حوکمی ئەزموون، ئەو پرسیارانەی خەڵکانێک ئەیکەن، وەهام لێدەکەن بۆچوونی خۆم بەمجۆرەی خوارەوە بخەمەڕوو:

یەکەم: میتۆدی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی لە نووسینی کتێبدا، بۆ سێ دەیەی ڕابردوو وەک خۆیەتی و نەگۆڕاوە، ئەمە لە بابەت شێوازی کۆکردنەوەی ماددەی زانستی یان لە دڵنیابوونەوە لە باس و بابەت، یان زۆر ئاماژەدان بە سەرچاوە ڕەسەنەکان، یان ئاماژەدان بە وەرگرتنی زانیاری لە نووسینە نوێیەکان، دکتۆر کار دەکات لەسەر کۆکردنەوەی زۆرێک زانیاری و بەڵگە بۆ سەلماندن و پاڵپشتیکردنی فیکر و بەڵگەکانی خۆی، هەندێجار لە یەک کتێبدا پشتی بەستووەتە زیاتر لە ١٥٠ سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکی، هەروەک لە کتێبی(الدولة الحديثة المسلمة) پشتی بەستووەتە(٢٠٠سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکی)، لە کتێبە بەناوبانگەکەشیدا(السيرة النبوية) پشتی بەستووەتە(٣٥٩ سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکی)، هەروەها لە کتێبی(الأنبياء الملوك (عليهم السلام) وهيكل سليمان المزعوم)پشتی بەستووەتە(٢٢٨سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکی)،هەروەها لە کتێبی(لوط (عليه السلام)) پشتی بەستووەتە(١٨٨سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکی)، هەروەها لە کتێبی(هود (عليه السلام)) پشتی بەستووەتە(١٧٧ سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکی)، هەروەها لە کتێبی(صلاح الدين الأيوبي) پشتی بەستووەتە(٢١٥ سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکی)، ئەمانەی باسمان کرد هەندێ نمونەن نەک هەموو کتێب و نووسینەکانی دکتۆری بەڕێز.

نمونەی زۆر هەیە لە کتێبەکانی دکتۆر عەلی سەلابیدا، جاری وا هەیە لە یەک بەش یان یەک جێ باسی کتێبێکی کە ژمارەی ئەو بەشە لە٥٠ لاپەڕە زیاتر نییە، نزیکەی ٥٠ سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکیی متمانەداری هێناوتەوە، هەندێجاریش پەڕەیەکی زانستی یان بابەتێک کە ٥ بۆ ١٥ لاپەڕەیە، ٢٠ سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکیی تیایدا هێناوەتەوە، ئەمە و ڕوون و ڕەوان ئاماژەی کردووەتە خاوەن سەرچاوە ڕەسەن و لاوەکییەکە، لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی ورد بۆ ساڵ و خانەی بڵاوەکار و ژمارەی چاپ و ئەوانی تری ئەو بوارە. تەنیا پشت بە یەک سەرچاوە نابەستێ، بەڵکو ناوەڕۆکی زانستیی کتێبەکانی، پشت بە کۆمەڵێ سەرچاوەی ڕەسەن و لاوەکیی زۆر دەبەستێ کە ناتوانێ ڕاوێژ و پرس بە هەموو ئەو نووسەرانە بکات کە لە کتێبەکانیانەوە زانیاریی وەردەگرێت، بۆیە وەک هەر توێژەر و نووسەرێک سوود لە کار و فیکری نووسەران و توێژەرانی پێش خۆی و زانایانی پسپۆڕ وەردەگرێت، بە دەستکارییەوە زانیاریی وەردەگرێت، هەندێجار ئیزافە دەخاتەسەر ئەوەی کە وەریگرتووە، ئەمەش نەریتی زۆربەی نووسەرانی هەموو کات و شوێنێکە، دکتۆر عەلی ئەلسەلابیی لەوان بەدەر نییە!!

دووەم: کاتێکی زۆرم بەسەربردووە لە بەدواداچوون و وردبینی و پێداچوونەوەی میتۆدی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی لە نووسینەوەی کتێبەکاندا، ئەوەش لەڕێگەی پەیوەندی توندوتۆڵم لەگەڵیدا و ئاگاداربوون و تەماشاکردنی ڕاستەوخۆم بۆ دەستنووسی ڕەسەنی کتێبەکانی، هەر خۆم سەرپەرشتی پێداچوونەوەی زۆرێک لە کتێبەکانیم کردووە، ورد تێبینیم کردووە کە پەیڕەوی پلانێکی زەمەنیی دیاریکراو و تۆکمەی هەیە لە کاریدا، ئەمە و سەرباری سەرقاڵبوونی بە دۆسیەکانی یەکێتی جیهانیی زانایانی موسڵمانان و هەوڵە چاکسازی و ئاشتەواییەکانی لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی لیبیا.

پلانەکانی نووسینی بە چەند قۆناغێکی بەدوای یەک ڕێکدەخات، سەرەتا بە کڕینی کتێبەکان لە پێشەنگاکانی کتێب و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پاشان دەچێتەسەر قۆناغی ڕێکخستن و سەرژمێری و پلەبەندی و خوێندنەوەی ئەو شتەی سوودی لێ دەبینێ، پاشان کورتکردنەوەی بیرۆکەکانی، ئەمە بۆ زیاتر لە دوو مانگ و سێ مانگی بەردەوام درێژە دەکێشێ، پاشان دەستدەکاتە نووسینی ڕەشنووسی یەکەمی کتێبەکە، ئەوەش بەدەستخەتی خۆی و بە قەڵەمێکی شین لەسەر کاغەزێکی تۆکمە، بۆ ئەوە چەند مانگێکی زیاتر بەردەوام ئەبێ تاوەکو ڕەشنووسی سەرەتا تەواو ئەبێ و ئینجا دەچێتە قۆناغی نووسینەوەی سەر کۆمپیوتەر و پێداچوونەوەی زمانەوانی و زانستی، ئەوەش لە ڕێگەی ناردنی بۆ هەندێ کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی، ئەم پێداچوونەوەیە بە هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنی ئەو کەسانە تەواو دەبێ کە تێبینییان داوە و بە گرنگەوە تێبینییەکانیان وەرگیراوە. ئەم قۆناغە بەوە کۆتاییدێت کە بیریارێک یان زانایەکی پسپۆڕ پێشەکیی بۆ دەنووسێت، دواتر کتێبەکە دەچێتە بواری بڵاوکردنەوەوە، لێرەشدا پێداچوونەوەیەکی تۆکمە دەکرێت و لە کۆتاییدا پێش ئەوەی کتێبەکە چاپ بکرێ و بڵاوبکرێتەوە و بە نێو خەڵک بگات، دکتۆر عەلی ئەلسەلابیی بۆچوونی خۆی لەسەر دەردەبڕێت.

سێیەم: لەنێو ئەو ئەزموونە زانستییەی لەگەڵ دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابیدا تیایدا ژیاوم، بەشداربوونم بووە لە کۆمەڵێ دانیشتنی چڕ و پڕی کارکردن بۆ ئامادەکردنی وێنەی سەرەتای دەستکردن بە پێکهێنانی پرۆژەی هاوبەشمان(مەوسوعەی مێژووی عەباسی) کە کارێکە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی گرنگترین سەرچاوە مێژوویی و سیاسی و فیقهی و سەربازی و دیبلۆماسییەکانی ئەو ماوەیە لەخۆدەگرێت،لە چەند دانیشتنێکدا گفتوگۆم لەگەڵدا کردووە کە بۆ زیاتر لە سێ مانگی خایاندووە، ئەوەی لەودا بینیوومە لە هیچ نووسەر و مێژوونووس و ئەو زانایانەدا نەمبینیووە کە ناسیوومن،

لەڕووی ئارامگری و خاکەرایی و سادەیی و سنگفراوانی و پێزانین و گوێگرتنی جوانی و وەڕس نەبوونی لە ماوەی ئەو دانیشتنە زۆرانەدا، تەنیا لە کاتی نوێژی سوونەت و پشوویەکی ماوە کورتەدا لە دانیشتنەکە دەستی هەڵدەگرت. لەو ماوەیەدا گرنگترین وێستگەکانی مێژووی عەباسیمان تاووتوێ کرد، لەو بارەیەوە گرنگترین سەرچاوە مێژووییەکانمان خوێندەوە لە(البداية والنهاية)ی ئیبن کەثیر و (سير أعلام النبلاء و تاريخ الإسلام)ی زەهەبی، ئەمە و سەرباری خوێندنەوە و تەماشاکردنی زۆرێک سەرچاوەی هەمەجۆر و زۆرێک توێژینەوەی زانستی و نامەی زانکۆیی لەنێو کتێبخانە گەورەکەی لە ئەستەنبول، بێگومان ئەزموونم لەگەڵیدا ئەزموونێکی بەسوود و بە چێژ و ناوازە بوو.

چوارەم: تێبینیم کردووە کە دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی جەخت لەسەر ئاماژە کردن بەو سەرچاوە دەکاتەوە کە سوودی لێ بینیووە، ئەگەرنا شتێک ناخاتە پاڵ خۆی لە بابەتێکدا کە بەدەستی خۆی و زادی بیری خۆی و بۆچوونی خۆی نەبێ ، ئەمە لە نووسینی بابەت و ئەو بڵاوکراوانەشدا پەیڕەوی ئەکات کە لە پێگە و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانیشدا بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام شیاوی ئاماژە بۆ کردنە کە هەندێ ڕۆژنامە و پێگەی ئەلیکترۆنی، لیستی سەرچاوەکان لە کۆتایی بابەتەکاندا دەسڕێتەوە، ئەوەش بەشێکە لە سیاسەتی دیاریکراوی ئەو ماڵپەڕ و پێگەیە، هەروەک لە پێگەکانی العرب و الجزيرة و صحيفة العرب و عربی٢١ و گۆڤاری المجتمع الكويتية و ئەوانی تردا پەیڕەو دەکرێت، بەلای ئەوانەوە گرنگ گەیشتنی پەیامە و بەلایانەوە گرنگ نییە ئاماژە بکرێتە سەرچاوە.

پێنجەم: شێخ دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی هەڕەمەکییانە کتێب نانووسێت لەپێناو زیاترکردنی ناونیشانی کتێب یان خۆهەڵکێشان، ئەو پیاوە ئەو کتێبانە بڵاو دەکاتەوە کە بۆ پێویستییەکانی ئوممەت و دۆسیە و کێشەکانی ئوممەت گرنگن، کاتێک حاڵەتی داتەپین و بێ ئومێدیی ئوممەتی بینی لە

نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای هەزارەی سێیەم کە هاوکاتی داگیرکردنی ئەفغانستان بوو لە ساڵی(٢٠٠١) و داگیرکردنی عێراق لە ساڵی(٢٠٠٣) و تاوانەکانی زایۆنیزم لە فەڵەستین،زنجیرەیەک کتێبی لەبابەت مێژووی ئیسلامییەوە نووسییەوە، سەرەتا لە ژیاننامەی پەیامبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) و بە تێپەڕبوون بە مێژووی خەلیفە ڕاشیدییەکان و ئومەوییەکان و سەلجوقی و زەنکییەکان و سەلاحەدینی ئەیوبی و عوسمانییەکان،پاشان کاتێک پرۆژەکانی نارەوایان و خراپەکاران زیاتربوونەوە بۆ تێکدانی کۆمەڵگە موسڵمانەکانمان، کۆمەڵێ کتێبی نووسییەوە، لەوانە نمونەی"فقه النصر والتمكين"، و"فقه القدوم على الله"، و"كفاح الشعب الجزائري"، و"الحركة السنوسية"، و"سنة الله في الأخذ بالأسباب"،خەباتی گەلی لیبیاشی لەبیر نەکرد لە ڕزگاربوون لە ستەم و گرنگیی چاکسازیکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە دوای ساڵی(٢٠١١ز)، بۆ ئەوە کتێبەکانی"العدالة والمصالحة الوطنية؛ ضروة دينية وإنسانية" و "المشروع الوطني للسلام والمصالحة" نووسییەوە، هەروەک کتێبێکی نووسییەوە بۆ نزیکخستنەوەی نێوان مەزهەبەکان و ئاشتەوایی نێوان تەوژم و ڕەوتە ئیسلامییەکان، هەروەک لە کتێبی"الإباضية مدرسة إسلامية بعيدة عن الخوارج" ئەوە دەبینرێت.

هەروەک ناتەواوییەکی بینی لە کتێبخانەی ئیسلامیدا لەبواری چیرۆکی پەیامبەران(لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی قورئانیدا)، بۆیە مەوسوعە گەورەکەی نووسی(نشأة الحضارة الإنسانية وقادتها العِظام) تاوەکو بە شێوازێکی میتۆدی و شیکاریی، گێڕانەوەیەکی بەهێز بێت، بۆ ئەوە ساڵانێک سەرقاڵبوو تاوەکو تەواوی کرد.

لە جەنگی گەلی فەڵەستین و موسڵمانان و ئازادیخوازنی مرۆڤایەتی دژ بە زایۆنیزمی دوژمنکار و پشت بەستنی زایۆنییەکان بە کۆمەڵێ درۆ و هەڵبەستنی مێژوویی لە داگیرکردنی فەڵەستین و مزگەوتی ئەقسا، دکتۆر ئەلسەلابی کتێبی(الأنبياء الملوك (عليهم السلام) وقصة الهيكل المزعوم)ی بڵاوکردەوە، بە بەڵگەی یەکلاکرەوە، درۆ و بوختانیانی هەڵماڵی.

لەگەڵ گەورە کردنەوەی دیاردەی لادانی ڕەوشتی و جینسی لە جیهاندا، کتێبی(لوط عليه السلام)ی بڵاوکردەوە، کە ئەو پەیامبەرە چۆن بانگەوازی کردووە و ڕووبەڕووی ئەو خراپەکاری و لادانە جینسییە بووەتەوە و باسی لە سزا و سەرەنجامی ستەمکاران کردووە.

شەشەم: میتۆدی زۆرینەی زانایان و فەرمووودەناسان و مێژوونووسانی کۆن و هاوچەرخ، پشتی بەستووەتەوە نووسینەوەی مێژوویی لەڕێگەی گواستنەوە لە کەسانی ترەوە، ئەم میتۆدە لای ژمارەیەک لەو زانا و بیریارە موسڵمانانە شتێکی ناسراوە کە پێداگرییان کردووە لە گواستنەوەی زانیاریی لە سەرچاوەکانی پێشوو، گواستنەوە بەبێ دەستکاریکردن و لێکۆڵینەوە کردنی، یەکێک لە دیارترین ئەو ڕاڤەوان و مێژوونووسانەی کە ئەو میتۆدەیان پەیڕەو کردووە بەڕەحمەت بن، ئیمامی تەبەرییە(224 – 310کۆچی/839 – 923زایین) کە بە کتێبی(تاريخ الرسل والملوك) بەناوبانگ بووە، گێڕانەوەکانی بەو جۆرە گواستووەتەوە کە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هاتووە، هەروەها ئەبو ئەلفەرەج عەبدولڕەحمان ئیبن ئەلجەوزی(510 – 597ک/ 1116 – 1201ز) کە بۆ نمونە لە کتێبی(المنتظم في تاريخ الملوك والأمم)پشتی بەستووەتە گواستنەوەی پەتی(الحرفي)لە سەرچاوەکانی پێشوو. هەروەها عەللامە ئیبن کەثیر ئەلدیمەشقی(701 – 774ک/1301 – 1373ز)لە مەوسوعە مێژووییەکەیدا(البداية والنهاية) کە زۆرێک ڕووداوی بەو جۆرە گێڕاوەتەوە کە لە سەرچاوەکانی پێشوودا هاتوون.

ئەمە و سەرباری ئەوەی ئیمام جەلالەدین ئەلسیوتی(849 – 911ک/1445 – 1505ز)نووسیوێتی، کە یەکێکە لە دیارترین زانا موسڵمانە مەوسوعییەکانی سەردەمی خۆی، زۆرێکی کتێبی لە بواری مێژوو، تەفسیر، فەرمووودە و فیقهدا نووسیووە.

سیوتی له بواری مێژوودا پشتی بەستووەتە میتۆدی گواستنەوەی حەرفی و پەتی له سەرچاوە کۆنەکان، له کتێبی(تاریخ الخلفاء)دا پشتی بەسەرچاوە کۆنەکان بەستووەتە، دەقەکان چۆن هاتوون، ئاوەها دایناونەتەوە بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی شەخسیی خۆی بخاتە سەر، تەنیا لە چەند خاڵێکدا نەبێ.

سیوتی گرنگی داوەتە دڵنیابوونەوە و تەوثیقکردنی ئەو زانیارییانەی لە سەلەفەوە وەرگیراون، ناوی مێژوونوسان و ئەو سەرچاوانەشی هێناوەتەوە کە پشتی پێ بەستوون،ئەوەش وەهای کردووە کارەکانی ئەو پێشەوایە بە سەرچاوەیەکی متمانەدار دابنرێن بۆ ئەو کەسەی ئارەزووی گەڕانی هەیە بەدوای بنچینەی زانیارییەکەدا.

لە نمونەی مێژوونووس و بیریارە موسڵمانە هاوچەرەخەکان کە پشت دەبەستنە گواستنەوەی پەتی(الحرفي) لە نووسینەکانیان، بیریاری سیاسی و مێژوونووسی سوری، دکتۆر مستەفا بن حەسەنی ئەلسیباعییە(1333 – 1384ک/ 1915 – 1964ز)، یەکێکە لەو بیریارانەی کە لە بواری مێژووی ئیسلامیدا نووسیویێتی، لە نووسینەکانیدا پشتی بەستووەتە گواستنەوە لە سەرچاوە کۆنەکان، لەگەڵ هەندێ شیکردنەوە و قسە و ڕوونکردنەوەی خۆی.

یەکێکی تر لەو مێژوونووسە هاوچەرخانەی کە پەیڕەوی ئەو میتۆدەیان کردووە، مێژوونووسی ئیسلامیی میسری، مەحمود موحەممەد شاکرە(1327 – 1418ک/ 1909 – 1997ز) کە لە نووسینەکانیدا پشتی بەستووەتە سەرچاوە ئیسلامییە تەقلیدییەکان و پارێزگاری لە دەقەکان کردووە و وەک خۆی دایناونەتەوە، سیاقی مێژوویی باس کردووە بەبێ دەستوەردانی زۆر. لەپاڵ ئەوەدا مێژوونووس و بیریاری ئیسلامیی هیندی، دکتۆر موحەممەد حەمیدوالله هەیە(1326 – 1423ک/1908 – 2002ز) کە لە نووسینەکانی لە مێژووی ئیسلامیدا هەمان میتۆد دەبینین، کۆمەڵێ شیکاریی کردووە کە لە زۆربەیدا پشت بە گواستنەوەی دەقی سەرچاوە تەقلیدییەکان ئەبەستێ، نمونە

بۆ ئەوە، کتێبی(مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة)ی ئەو مێژوونووسە ئیسلامییە هیندییەیە کە تیایدا ئەو نامە و بەڵگەنامە سیاسییانەی کۆکردووەتەوە، کە توانیوێتی لەبارەی ئەو ماوەیەدا پێی بگات.

ئەو میتۆدەی کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا پشت بە گواستنەوەی حەرفیی دەبەستێت، هەندێجار دەناسرێت بە(ڕەخنەی دەق( Criticism Textual یان (لێکۆڵینەوەی دەقTextual Editing )، میتۆدێکە پشت بە کۆکردنەوەی دەقە کۆنەکان دەبەستێ،لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدە هەندێ تێبینی ڕەخنەیی لەگەڵدایە، ئەوە بە گواستنەوەیەکی تەواو حەرفیی دانانرێت، بۆ نمونە، مێژوونووسی ڕۆژئاوایی بندیکت ئەندرسون(١٩٣٦-٢٠١٥ز) لە کارە بەناوبانگەکەیدا(کۆمەڵگە خەیاڵکارەکان) کۆمەڵێ سەرچاوەی مێژوویی هەمەجۆری بەکارهێناوە، لەوانە کۆمەڵێ دەقی ئەدەبی و ڕاگەیاندن بەشێوەیەک نزیکە لە گواستنەوەی حەرفییەوە، ئەمە و لەگەڵ بوونی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی قووڵی بۆ هەندێ دەق.

لە واقیعدا میتۆدی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی لەگەڵ سەرچاوەکان و نووسینەوەی کتێبەکانیدا، نمونەی ئەوەیە کە باسمکرد، پیاوێکە زۆر وریایی دەکات کە دەقە گوازراوەکان نەگۆڕێ، حەز ناکات لە کتێبەکانیدا شیکردنەوەی زۆر و ڕەخنەی زۆر لە بیر و فیکرەکان بگرێت، بەڵکو پشت بە کۆمەڵێ نزیکی زانستیی کۆمەڵێ سەرچاوەی بەرفراوان دەبەستێ، ئەوە وەردەگرێت کە دەیخوێنێتەوە و ئەو بۆچوونانەی کە خۆی قەناعەتی پێ هەیە، ئەمە و لەپاڵ ئەوەشدا لە هەر دەرفەتێک بێتە پێش، دەقی قورئانیی دەهێنێتەوە، چونکە قورئانی پیرۆز بە سەرچاوەی هەموو سەرچاوەکان و ڕاستیی ڕەهایانە دەبینێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و مێژووی مرۆڤایەتی(ڕابروو و ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی)، بۆیە دکتۆر عەلی ئەلسەلابی هەمیشە ئەڵێ: ((ئەو کەسەی مێژووی ئیسلامیی دەنووسێتەوە، دەبێت پاشخانێکی شەرعیی هەبێ تاوەکو بگاتە حەقیقەتی مێژوویی)).

حەوتەم: لە میانەی گەڕانم، هەندێ لەو بابەت و بڵاوکراوانەم بینیووە کە دراونەتە پاڵ دکتۆر عەلی ئەلسەلابی بەبێ ئەوەی بۆ خۆی گەڕابنەوە، هەندێ لەوانە ساختەن و هەندێکی وردبینی نەکراون، یان هەندێکی بڵاوکراونەتەوە و

لە کتێبەکانی دکتۆر وەرگیراون یان تۆمارکراوەکانی ئەون، بە ناتەواو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە بۆ ئامانج و کۆمەڵێ مەبەستی شەخسی یان سیاسی، کە زۆربەی ئەوانە پەیوەندییان بە کێشەی لیبیاوە هەیە.

هەشتەم: لەسەر نووسراو و بەرنامەکانی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی، زۆرێک ئەهلی زانست و قوتابیی قوتابخانە و زانکۆکان لە جیهانی ئیسلامیدا پەروەردە بوون، لە توێژینەوە و نامەی زانکۆ و وانەکانیان سوودیان لە کتێبەکانی بینیووە، میتۆدی ئەو و گرنگیپێدان و ئاراستەکانیان توێژینەوە کردووە. هیچ کەسێکیش نکۆڵی ئەوە ناکات کە لە ئێستادا کتێبەکانی بەڕێزیان زۆرترین کتێبێکن چاپ دەکرێن و بڵاودەکرێنەوە، کتێبی(ژیاننامەی پەیامبەرایەتی) بە یەکێک لە دیارترین ئەو کتێبانە دادەنرێت کە لە ژیان و بانگەوازی پەیامبەری مەزن(صلی الله علیه وسلم) کۆڵیووەتەوە، هەروەک کتێبی مەسیح عیسای کوڕی مەریەم(سەلامی خوای لەسەربێ) بۆ زۆرێک لە زمانە سەرەکییەکانی جیهان وەرگێڕانی بۆ کراوە، لە پێشەوەی هەموویان فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی و ئیتالی و ڕوسی و ئەڵمانی، زۆرێک لە موسڵمانان و غەیرە موسڵمان سوودیان لێ بینیووە.

نۆیەم: لە نووسین و کارەکانی دکتۆر عەلی موحەمەد ئەلسەلابیدا شتێکم نەبینیووە، ئاماژە و نیشانە بێ بۆ هەوڵی ناوبانگی و دەسکەوتی ماددی تاوەکو بەو هۆیەوە بەرهەمەکانی زۆرتر بکاتەوە. بەرانبەر بە هیچ کارێکی، پارە لە هیچ ناوەندێک وەرناگرێت، ئەمە و ئەگەرچی چەند جارێک ئەو پێشنیارەشی بۆ کراوە، بەڵام بەرانبەری ڕەتکردووەتەوە. نەک هەر ئەوە، دەسەڵاتی چاپ و وەرگێڕانی بە هەر کەسێک داوە ویستی وەرگێڕانی کتێبەکانی هەبووبێ، ئەوەش وەهای کردووە هەزاران تیراژ لە کتێبەکانی چاپ بکرێت و بۆ زیاتر لە بیست زمان وەرگێڕدراون. دکتۆر چاوی لە پاداشت و ڕازیبوونی خوای گەورەیە کە کارەکەی لێ قبوڵ بکات، هەمیشە ئەوە پاڵنەری بووە. هەمیشە جەخت لە سەر ئامانجەکانی دەکاتەوە، کە پوخت دەبێتەوە لە بەهێزکردنی

ئایینی ئیسلام و ڕووبەڕووبوونەوەی بیرە باتڵ و لادەرەکان و کۆکردنەوەی تەواوی وزە و تواناکانی ئوممەت لە جەنگ لەگەڵ باتڵ، ئەمە و لەپاڵ فەراهەمکردنی کتێبخانەیەکی مێژوویی ئیسلامیی گشتگیر بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو.

دەیەم: کەمال و دوور لەهەڵە و کەموکورتی تەنیا شیاوی خوای گەورەیە، هیچ مرۆڤێک لە هەڵە بەدەر نییە،هەموو کارێکی مرۆڤ کەموکورتی هەیە، کەم کەس هەیە هەڵە نەکات، جا لەبەر ئەوەی کاری مرۆڤ لە ناتەواویی بەدەر نییە، ئەوە لەبەردەم ڕەخنە و شیکردنەوەدایە، بۆیە کتێبەکانی دکتۆر عەلی موحەممەد ئەلسەلابی کە زیاتر لە هەشتا کارن لە بواری مێژوو، بیروباوەڕ و تەفسیری قورئان و فیکری سیاسیی ئیسلامی، ئەوە لەو واقیعە بەدەر نییە، ئاسایییە هەندێ هەڵە و ناتەواویی هەبێ، کەوابوو سرووشتییە ببینی هەندێجار لە بیرۆکەی سەرەکیی دەق دەردەچێ یان هەڵهێنجانی کردبێ و پێویستی بە لێ وردبوونەوە هەبێ،ئەمە و سەرباری هەندێ هەڵەی زمانەوانی یان هەندێ داڕێژان کە لە ڕەشووسی یەکەم لە پێش پێداچوونەوە و وردبوونەوە لاواز دەرکەوتبێ.

سەرباری ئەوانە، ئەوە دکتۆر ئەلسەلابی توانایەکی دەرکەوتەی هەیە لە کۆکردنەوەی میتۆدی ئیسلامیی تەقلیدی لەگەڵ شێوازی ئەکادیمیی سەردەمیانە لە ڕاڤەکردنی قورئان و نووسینەوەی مێژووی ئیسلامی.

بە سیفەتی ئەوەی دکتۆر ئەلسەلابی بانگخواز و نووسەرە، ئەوە لە کارەکانیدا هەوڵدەدات و ڕاوێژی شارەزایان ئەکات و بە ستگفراوانییەوە ڕەخنەی بوونیاتنەر وەردەگرێت، هەوڵدەدات بۆ خۆلادان لە هەر هەڵەیەک کە هەبێ و لە نزیکترین کاتی گونجاودا چاکی دەکات.

یانزەیەم: ئەمە شایەتییەکە بۆ خوا و بۆ مێژوو، پشت بە ئەزموونێکی قووڵی شەخسیی ئەبەستێت کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە نزیک دکتۆر عەلی ئەلسەلابییەوە

بەسەرم بردووە، لەو ماوەیەدا زۆر شت فێربووم، ئەم شایەتییە دەدەم بە نیەتێکی دڵسۆزانە بۆ خوای گەورە و سەرخستن و پشتیوانیکردنی باوەڕداران لە ئەهلی قورئان و پیاوانی فیکر و زانستخوازان.

لە کۆتاییدا وەهای دەبینم کە پێویستە زانایانی ئوممەت و توێژەران و ئەکادیمی و ڕۆڵە و قوتابیانی ئوممەت، هەڵگری تایبەتمەندیی دادگەری و سەرڕاستی و گومان بردنی باش و وتنی ڕاستیی بن، هەست بە چاودێریی خوایی بکەن لە بڕیار و قسە و کردار و هەڵسوکەوتیاندا، چونکە هەمووان لەبەردەم خوای گەورەدا لێپرسینەوە دەکرێن، هەریەکە و بە تەنیا دەچێتە بەردەم خوای گەورە، بێگومان خوای گەورەش فرمانی کردووە لە کاردا دادپەروەر و چاکەکار و دڵسۆزبین و بە نەرمی و ڕاستگۆیی و لەسەرخۆییەوە ئامۆژگاریی بە یەکتر بدەین. بێگومان زانستی بەسوود بەخششێکی گەورەی خواییە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا ۖ إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ (البقرة: 32). خوایە گیان ئەوەمان فێر بکە کە نایزانین، ئەوەمان بە بیربهێنەوە کە بیرمان چووەتەوە، فەڕ و بەرەکەتی ئاسمان و زەوییمان بۆ بکەرەوە، لێمان خۆشبە و بەزەییت پێماندا بێتەوە، هەر خۆت بیسەر و زانای.

والحمد لله رب العالمين.

**ماڵپەری دەنگی ئیسلام**

**موقع صوت الاسلام**

**www.dangiislam.org**